**PAY Foundation**
**For Education & Development**

PAY FOUNDATION
For Education & Development

**دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشە پێدان**
**مؤسسة پەی للتربية والتنمية**

# هانا بردنە بەر چەك و توندوتیژی چارەسەر نین، کێشەکان ئاڵۆزتر دەکەن!

شەوی ٢٠٢٤/٩/٥ هێزێکی ئەمنی لە شاری سلێمانی، دەستی بەسەر ئۆفیسی سەرەکی تۆڕی ناوەندی چاودێردا گرت، کە هەریەک لە دامەزراوەکانی ڕادیۆی مەدەنیەت، بنکەو ماڵپەڕی گەلاوێژ، ماڵپەڕی چاودێر، ماڵپەڕی روانگەو رەخنە، پلاتفۆرمی دابڕان، پرۆژەی پەیکەرسازی چاودێر، گەلەری چاودێر، لە خۆ دەگرێت، کە لە بیست و شەش ساڵی رابردوودا خزمەتێکی زۆریان بە بزاوتی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی کوردی کردووە.

دامەزراوەی پەی لە دەرەوەی جیاوازیی هزری و حیزبی و سیاسییەکاندایە، بەڵام بە ئەرکی خۆمانی دەزانین دژ بە هەموو هەوڵێکی دەمکوتکردن و داخستن و کۆتاییهێنان بە دەزگا مەدەنی و میدیایی و رۆشبیرییەکان بوەستینەوە، چونکە وەک پرەنسیپ بڕوامان بە مافی جیاوازبوون و سەروەری یاسا و دوورخستنەوەی هێزە لە ململانێ سیاسی و حیزبی.

لەم پێناوەدا وەک دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان، بە توندی ئیدانەی ئەم کردەیە دەکەین و پێمان وایە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ناوبانگی پایتەختی رۆشنبیری دەبێت و بە هەنگاوێکی چەوتی یەکلاکردنەوەی جیاوازییەکانیشی دەزانین.

دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان، کە رێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانج نەویستە، خۆمان بەداکۆکیکاری مافی ئازادی ڕادەربڕین و فرەیی دەزانین، ئەرکی سەر شانمانەو داواکارین لە رێکخراوەکانی تری کۆمەڵی مەدەنی، بەرامبەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ، ئازادی بیروڕا، یاساشکێنی و هەڵکوتانە سەر خەڵک لە سەر جیاوازی بیروڕا  بێدەنگ نەبین، جا لەهەر شار و شارۆچکەیەکی کوردستان بێت و لەلایەن هەر هێز و لایەن و گروپێکەوە بێت. مایەی سەرسوڕمان و کارەساتیشە ناوەندێکی رۆشنبیری و مەدەنی بێ چەک لە پایتەختی رۆشنبیریدا بە چەک دابخرێت، ئەگەر لەسەر رەخنەگرتنە دەکرا بە قەڵەم وەڵام بدرێتەوە، چونکە جیاوازی بیروڕا و جیاوازی لێکتێگەیشتن  بە نواندنی زەبروزەنگ چەک چارەسەر ناکرێت، هەروەک هەمیشە لە رابردوودا ئەم پرەنسیپە لەلایەن خوالێخۆشبوو جەنابی مام جەلالەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە. هۆکارەکەی هەرچییەک بێت دەکرا بە گفتوگۆ و هانا بردنە بەر دادگاکان و لە رێگەی یاساوە چارەسەر بکرایە، نەک پەنا بۆ هێزی سەربازی ببرێت. داخستن و رێگریکردن لەم دامەزراوانە زیان بە پێشکەوتنی ڕەوتی ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی کوردستان دەگەیەنێت و نەنگییەکی گەورەتریشە کە ئەم کردەیە لەپایتەخی رۆشنبیریدا ئەنجام بدرێت.

ئەم رووداوە لە کاتێکدایە کە لەلایەک بارودۆخی هەرێمی کوردستان رووبەڕووی جۆرەها هەڕەشە و مەترسی دەرەکی بۆتەوە، لەلایەکی تریشەوە لەناوخۆدا لەبەردەم خۆئامادەکاریی هەڵبژاردنی پەرلەماندایین، هەموو ئەمانە لێمان دەخوازن کە ئاشتەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرقەرار بێت و رووی گەش و مەدەنییانەی حوکمڕانیی پیشانی دەرەوە بدرێت، هەوڵ بدرێت هاوڵاتیان خۆش گوزەران بکرێن و لەو رەوشە ناهەموارەی تێی کەوتوون دەرباز بکرێن، نەک پێچەوانەکەی. هەر بۆیە داواکارین لە بەڕێز سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دوور لە توندوتیژی و لەڕێگەی یاساوە چارەسەری بۆ ئەم گرفتانە بدۆزێتەوە.

لەگەڵ ڕێزماندا

**دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**
**٢٠٢٤/٩/٧**

Address: Iraq- Kurdistan region- Sulaymaniyah 46001: Salem Street, Shamir Building, opposite Sulaymaniyah Municipality- Erbil 44001: Setaqan- Koya Street- next to Daik Private Maturnity Hospital. www.payinstitute.org – Facebook.com/payinstiute. Email: payinstitute@gmail.com / sarwary74@yahoo.com / Mobile: +9647701564576